# ڕەوشی ئافرەتانی قوربانی پاش کارەساتی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی لە کوردستان



گوڵان: کۆمەڵایەتی

**نزیکەی نیو سەدە لە کارەساتی گەورە و تاوانی دژی مرۆڤایەتی «ئەنفال»ی بەدناو، لە دژی پێناسەی نەتەوەیی کوردانی ئاشتیخواز تێدەپەڕێت. هێشتا برینەکانی ئەو زامە قووڵە سارێژ نەبوون و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و بەتایبەتی ئافرەتانی قوربانیی دەستی ئەو تاوانە نەگریسە، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی ناو گلێنەی چاویان چیرۆکی چاوەڕوانی تیا دەخوێندرێتەوە. زۆرن ئەو کچانەی تا هەنووکە بە ئاواتی باوەشکردنەوەن بۆ ئامێزی باوکانەی باوك و برای ئەنفالکراویان. زۆرن ئەو هاوسەرانەی کە تا ئێستاش بە هەر تەقەیەکی دەرگەی ماڵەکەیان، بە گوڕ و تین و بە پەلە، دەلاقەی دەرگەی خانووەکەیان دەخەنە سەرپشت، بۆ ئەوەی هەواڵێکی هاوسەری بێسەروشوێن کراویان دەست بکەوێت. ئەم ئازارە لە بن نەهاتووەی دیرۆکی کوردانی ئەنفالکراو، لە سەر زاری شایدحاڵەکان و دیکیۆمێنتە بڕواپێکراوەکان و بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان دەخەینەڕوو.**





«کە باوکم ئەنفال کرا، من تەمەنم تەنیا ساڵ و نیوێك بوو، بۆیە هیچ یادگارییەکم نییە لەگەڵی، تەنیا ئەوە نەبێت کە دایکم وێنەکانی نیشانم دەدات، بەڵام وێنە ناتوانێت شوێنی سۆزی باوك بگرێتەوە، زۆر جار کە منداڵ بووین، منداڵەکانی دیکە لە قوتابخانە باسی باوکیان دەکرد، ئەوە لای من تا رادەیەك سەیر بوو، چونکە من کە دەچوومەوە، تەنیا دایکم دەبینی و هەستم بە سۆزی باوکایەتی نەدەکرد، ئەو دایکە رۆڵی دایك و باوکی دەبینی، بە رۆژ کاری دەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانمان بۆ ئەوەی ئێمە سەربەرز بژین و هەست بە کەموکوڕی نەکەین، بە شەویش کە لە کار دەگەڕایەوە وەك هەر ئافرەتێکی دیکە کاری ناوماڵی دەکرد، هەمیشە لە ناخی ئەو و ئێمەشدا شکانێك هەستی پێدەکرێ کە قەرەبووکردنەوەی زەحمەتە». ئەوە قسەی شادیا محەمەد بوو. ئەو وەك کچی ئەنفالکراوێك فرمێسکەکانی بێباوکیی خۆی لە سەر روومەتی گەشی دەسڕێتەوە و لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی ٢٧ ساڵە لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدایە، هێشتا خەمی خۆی و چارەنووسی وڵاتەکەی تێکەڵ بە یەکدی دەکات و دەڵێت: «لە منداڵییەوە تا ئێستا هەرکات پرسیاری باوکمان لە دایکمان کردووە، دایکم بە ئاهێکی قووڵەوە وتوویەتی: باوکتان دەگەڕێتەوە، ئێمەش لەو کاتەوە تا ئێستا هەر چاوەڕێین بگەڕێتەوە، ئێستاش وەك منداڵی ئەنفالکراوێك هیوادارم بەرپرسانی حکومەتی هەرێم خوێنی ئەنفالکراوان و شەهیدانی کیمیابارانی کوردستان بە فیڕۆ نەدەن و بە یەکگرتوویی ریزەکانی کورد گیانی ئەو قوربانییانە شاد بکەن».



**کە باوکم ئەنفال کرا، تەمەنم تەنیا ساڵ و نیوێک بوو، بۆیە هیچ یادگارییەکم نییە لەگەڵی، تەنیا ئەوە نەبێت کە دایکم وێنەکانی نیشانم دەدات، بەڵام وێنە ناتوانێت شوێنی سۆزی باوک بگرێتەوە**

شلێر محەمەد، هاوسەری ئەنفالکراوە و ئەویش بەمجۆرە باسی نەهامەتییەکانی رۆژگاری خۆی دەکات: «سێ ساڵ دوای ئەوەی لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ کراین، پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدرا، ئەرکی ئێمە زۆر قورس بوو وەك ئافرەتانی ئەنفالکراو، چونکە جگە لە بێ سەروشوێن کردنی هاوسەر و باوك و برا و کەسوکارمان، رژێمی بەعس ئاو و کارەباشی لێ بڕین، ژیانیان بۆ مەحاڵ کردین. لەلایەك خەمی لە دەستدان و بێسەروشوێن کردنی ئازیزانمان، لەلایەکی دیکەش خەمی پەیداکردنی بژێوی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵان ژیانی لێکردینە دۆزەخ، بەڵام بە شانازییەوە ئێمە توانیمان وەك دایك و وەك باوکیش منداڵەکانمان بە باشترین شێوە و رەوشتی بەرز پەروەردە بکەین، ئەو پەروەردەیەش ئەنجامی هەبوو، چونکە بەشێکی زۆریان خوێندنیان تەواوکردووە و ئێستا خاوەن بڕوانامەی بەرزن و پۆستیشیان هەیە».



**هەرگیز لە گەڕانەوەی هاوسەرەکەم نائومێد نەبووم، ئەوەش تەنیا رێگەی دڵدانەوەی خۆم و منداڵەکانم بووە**

ئەو دایکە خۆڕاگر و فیداکارە لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە کاتێك منداڵەکانی پرسیاری باوکیان لێکردووە، هەمیشە دڵی منداڵەکانی بەوە داوەتەوە کە باوکیان دەگەڕێتەوە، هاو کات دەڵێت: «من هەرگیز لە گەڕانەوەی هاوسەرەکەم نائومێد نەبووم، ئەوەش تەنیا رێگەی دڵدانەوەی خۆم و منداڵەکانم بووە، زۆر ئافرەتی کورد وەك دایك و خوشك و هاوسەر و کچی پیاوانی ئەنفالکراو بە هیوای گەڕانەوەی ئازیزانیانن، بەڵام بە داخەوە ئەم ئاواتەمان نەهاتەدی».

د. چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە رەوشی ئافرەتانی قوربانیی کارەساتی ئەنفال بەمجۆرە را و سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: «رەنگە ئەگەر بە رووکەش سەیری رەوشی ژیانی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانی کورد بکەین، بەتایبەتی کاتێك دەبینین ئەو منداڵانەی کە هاوکات لەگەڵ ئەو کارەساتە لە دایکبوون، ئێستا تەمەنیان بۆتە ٢٧ ساڵ و زۆربەیان ئێستا خێزان و منداڵی خۆیان هەیە و لەڕووی خزمەتگوزاری و مووچە و خوێندنیشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رێگەی یاسا و دامەزراوەی تایبەتی تا رادەیەکی باش رەوشی ژیانیانی بۆ مسۆگەر کردوون، وا بخوێندرێتەوە کە خەریکە شوێنەواری ئەو برینە قووڵە سارێژ دەبێت، بەڵام کاتێك لە رووخسار و ناخ و ئازارە دەروونییەکانی ژنانی ئەو خێزانانە ورد دەبینەوە، ئەو کاتە هەست بەوە دەکرێ، کە برینی ئەنفال تەنها بە تێپەڕینی رۆژ و ساڵ و دابینکردنی خزمەتگوزاری ماددی سارێژ نابێ، لە بەر ئەوەی دەیان ساڵ چاوەڕوانی بۆ گەڕانەوەی هاوسەر، باوك و براکانیان، دەیان ساڵ هەژاری و کارکردن و ترس و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی منداڵ و خێزان، دەیان ساڵ شەونخوونی و گریان بۆ ئازیزە بێ گۆڕەکانیان، دەیان ساڵ بێبەشبوون لە سۆز و خۆشەویستی و پشتیوانیی هاوسەر و باوك و برا، هەموو ئەو رۆژ و ساڵانە و هەموو ئەو چرکەساتانەی کە زۆر بە سەختی تێپەڕ بوون، دنیایەك یادگاری تاڵ و ناخۆشیان هەیە کە وا بە ئاسانی لە بیرەوەری ئەو خانمانە ناسڕێتەوە. بە هۆی زاڵبوونی کەلتووری باوکسالاری لە کۆمەڵگەی کوردستان و زەبروزەنگی داب و نەریتەکان، ژنانی لێقەوماوی ئەنفال پاش ئەو تراژیدیا و ماڵوێرانییەش جارێکی دی و بە شێوەیەکی دیکە بوونەوە بە قوربانی، بەڵام ئەو جارەیان بوونە قوربانی دەستی کۆمەڵگە و نەریتەکانی. ژنانی ئەنفال پاش لەدەستدانی هاوسەر و پیاوەکانی خێزان کە سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان بوون، بە ناچاری دەبوو کار بکەن، کەچی بۆ ئەو مەبەستە تووشی زۆر بەربەستی کۆمەڵایەتی هاتوون. بەشێك لەو ژنە لێقەوماوانە لە ژێر فشاری خێزانەکانیان بە زۆر شوویان بە برای هاوسەرەکانیان کردەوە، ئەگەرنا رەنگبوو



کێشەی بۆ درووست بکەن، تەنانەت لە دایکایەتی بۆ منداڵەکانی بێبەشی بکەن. هەروەها بەشێکیان لە ترسی لە دەستدان و زەوتکردنی منداڵەکانیان لەلایەن کەسوکاری هاوسەرەکانیان، تەنانەت ئەگەر شانسی شووکرنەوەشیان هەبووبێت وەك مافێکی سروشتی، ئەوا جارێکی دی قوربانییان داوە و نەچوونەتە ناو هیچ پرۆسەیەکی هاوسەرگیری، دۆخەکە سەبارەت بەو ژن و کچانەش کە لە تاوانی ئەنفالدا لە لایەن پیاوانی بەعسەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، زۆر سەختتر بووە و نەك هەر بەعس، کۆمەڵگەش زۆر بە خراپی جارێکی دی سزای قورسی داون. لە گشت ئەو کارەساتانەی بە سەر میللەتی کوردا هاتوون، هەر لە کۆمەڵکوژی فەیلییەکان و بارزانییەکانەوە بگرە تاکو کیمیابارانکردن و ئەنفال و تەنانەت کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکانیش لەسەر دەستی داعش لە ئێستادا، ئەو تاوانانە کاریگەری خراپی لەسەر هەموو کۆمەڵگەی کوردستان هەبووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی نەریتی و باوکسالاری وەك کوردستان کە ئافرەتان دەبنە قوربانیی یەکەم و کاریگەری لە سەر ژیان و دەروونیان زۆر سەختتر دەبێ».

د. ڤالا فەرید سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە: «رەگەزی مێینە یەکەم قوربانیی تاوانەکانی ئەنفال بووە، چونکە جگە لەوەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتوون و بەشێکی زۆریان گیانیان لە دەستداوە، بەشەکەی دیکەشیان کە ماونەتەوە (بەتایبەت بارزانییەکان کە تەنیا رەگەزی نێرینەیان ئەنفال کرا و رەگەزی مێینەیان مایەوە)، ئەوان لە یەك کاتدا هەم بوونە قوربانی لە دەستدانی سەرپەرشتیاری خێزان و هەم بوونە قوربانی پەیداکردنی مەعیشەتی خێزان، جگە لەوەی کە چاوەڕوان و چاو لە رێگەی گەڕانەوەی کەسەکانیان بوون، بۆیە ئەو موعاناتانەی کە ئافرەتی کورد بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفال بینی کەم نەبوو، گوتیشی: «لە کاتێکدا موعانەتەکە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە بەردەوامە، بەڵام تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال کە زۆربەیان ئافرەتن و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆدایە، حکومەتی عێراق بە پاساوی نایاسایی و تائیفی ئەو داواکارییە رەتدەکاتەوە، لە کاتێکدا بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی ئەو بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆدایە».

لەنجە دزەیی راوێژکاری وەزیر لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمە نابێ ئەو نەهەماتی و تاوانانەی بەسەر گەلەکەمان هاتووە لە یادیان بکەین، بەتایبەتی تاوانەکانی جینۆساید کە بە مەبەستی لەناوبردن و سڕینەی ناسنامەی نەتەوایەتی گەلی کوردمان بووە، تاوانی جینۆساید لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بە پیلان و بەرنامەی دارێژراو لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو بە مەبەستی پاکتاوی نەتەوەیی کاری بۆ کراوە، بۆیە راگواستن و بێسەروشوێنکردنی فەیلییەکان و بارزانییەکان و دواتر کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەی دیکەی کوردستان تا ئەنفالی ٨٨ بە هەر هەشت قۆناغیەوە ئەنجام دران، تاوانەکانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆری لەو کاتە گەیشتە لوتکەی دڕندایەتی بەهۆی ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی مرۆڤی سڤیلی بێتاوان قەتلوعام و بێسەروشوێن کران، تەنها لەبەر کوردبوونیان بەبێ گوێ دانە رەگەز و تەمەن و ئایین و هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشووری گرتەوە. هەموومان دەزانین کە تاوانی جینۆساید گەلێ رەهەند و دەرئەنجامی نەرێنی هەبوو، لەوانە کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە زەرەرمەندی راستەوخۆ و سەنتەری قوربانی لەم تاوانانە ئافرەت بووە بەهۆی ئەوەی لەلایەك خۆی بێسەر و شوێن و زیندەبەچاڵ کرا، لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی لەو پرۆسە نەگریسە رزگاریان بوو، بێکەس و بێپاڵپشت مانەوە و بەرەنگاری سەختترین بارودۆخ و ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی بوونەوە و تووشی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و تەندروستی و ...تاد هاتوون، لەگەڵ ئەوەش ئەم ئافرەتانە زۆر ئازا و مەردانە توانییان ئەم جۆرە ژیانە ببەنەسەر و نەوەی نوێیان پێبگەیەنن، کە ئەمە بەڕاستی جێگەی رێز و تێڕامان و ستایشکردنە، ئەوان بوونە رەمز و شانازی بۆ ئێمەی کورد، باسکردن لە ئەو هەموو مەینەت و زحمەتەی کە دایك و هاوسەر و خوشك و کچەکانی بەجێماوی پرۆسەکانی جینۆساید کێشاویانە، وا سانا نییە لە چەند دێڕێك باسیان بکەین، ئەگەر لەگەڵ هەر یەکەیان دابنیشین، ئەوا بە هەزاران چیرۆکی پڕئازاری لێ دروستدەکریت، ئاسەواری ئەو ژیانە قورس و پڕ لە خەم و بیرەوەرییە تاڵ و ناخۆشانە تا ئێستاش لە سەر ژنانی بەجێماوی ئەنفال دیارە و رووخساری خەمۆك و بەرگی رەشپۆشیان نموونەیەکی بەرچاوی برینە قووڵ و ئازارە دێرینەکانی ئەوانە کە تا هەنووکەش سارێژ نەکراون».

ئەو راوێژکارەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان چی بۆ ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال کردووە؟ گوتی: «هەوڵی سەرەکیی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەوە بووە بایەخ و گرنگیی تەواو بدات بە باشکردنی بارودۆخی ژیانی کەسوکاری شەهیدان بە گشت پۆلێنەکان (شەهیدی سەنگەر و شەهیدی

د. چنار سەعد عەبدوڵڵا:

**دۆخەکە سەبارەت بەو ژن و کچانەی لە تاوانی ئەنفالدا لە لایەن پیاوانی بەعسەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، زۆر سەختتر بووە و کۆمەڵگەش زۆر بە خراپی جارێکی دی سزای قورسی داون**

د. ڤالا فەرید:

**تاکو ئێستا حکومەتی عێراقی هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشتووە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال کە زۆربەیان ئافرەتن و بەخێوکردنی ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆدایە**

جینۆساید) و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان لە مووچە و یەکەی نیشتەجێ و پاڵپشتی لە بوارەکانی تەندروستی و خوێندن و کۆمەڵایەتی و تا رادەیەکی باشیش لەم کارە قۆناغ بە قوناغ سەرکەوتوو بووە و دەبێ هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بین کە ژیانیان بۆ باشتر بکەین، چونکە شایانی هەموو شتێکن، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو توانایانەی کە لە بەردەستن، دەبێت واقیعی بین، ئەوەی راست و یاساییە ئەوەیە دەبوایە حکومەتی ناوەند لە عێراق ئەرکی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی لەئەستۆ بگرتبایە، کە جێبەجێیان نەکردووە. بەداخەوە ئێمەش لە لایەنی دەروونییەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەپێی پێویست بۆ بەجێماوانی ئەنفال کار بکەین، کە دەبوا لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری و کاروباری کۆمەڵایەتی کاری بۆ بکرابایە، ئەویش لەلایەك بەهۆی ئەو ئەرکانەی کە پێشتر باسمان کرد و لە لایەکی دی نەبوونی کەسانی شارەزا و ئیمکانییاتی دارایی بۆ ئەم مەسەلەیە و هۆکاری تریش هەبوون».

ڕێکار مزوری نووسەر و بەڕێوەبەری پێشووی ئەنفالکراوانی هەولێر، کە خاوەنی ٢٨ کتێبی چاپکراوە و ١٥ کتێبی لەسەر ئەنفال نووسیوە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال نزیکەی نیو سەدەیە لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی هاوسەر و باوك و براکانیانن، ئافرەتانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ پیاوەکانیان ئەنفالکران و نزیکەی ١٠ هەزار ئافرەت و منداڵ بێسەرپەرشت مانەوە، لەو ساتەوە تاوەکو ئەمڕۆش ئەو ئافرەتانە لە ناو خێزانەکانیاندا هەم دایك و هەم باوك بوون بۆ منداڵەکانیان، ئەو ئافرەتانە لە دەرەوەی ماڵ وەکو پیاو کاریان کردووە و بژێوی ژیانی رۆژانەی منداڵەکانیان پەیداکردووە، ئافرەتی بارزانی کرێکاری کردووە، لە کێڵگەی پەلەوەر و لە مەزرەعەکان کاری کردووە، سەرباری هەموو ناخۆشییەکان و شەکەتی جەستەیی ئەشکەنجەی دەروونیشیان هەبووە، چونکە منداڵەکانیان لە ماڵەوە بە تەنیا بەجێهێشتووە، ئەو شێرەژنانەی قوربانیی ئەنفال رۆژێك لە رۆژان تەسلیمی نائومێدی نەبوون، بەڵکو بەردەوام بوون لە ژیانکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، کە خۆشبەختانە زۆربەی منداڵانی ئەنفال و منداڵانی ئەو دایکە خەباتکارانە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی بەرزن، لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا حزبی بەعس خوێندنیشی لە منداڵە بارزانییەکان قەدەغە کردبوو، بەڵام ئەو ئافرەتانە کۆڵیان نەدا و منداڵەکانیان لە هەولێر لەبەر خوێندن دانا، دەتوانین بڵێین ئەو ئافرەتانە قەهرەمان و پاڵەوان بوون و شایانی ئەوەن پەیکەری زێڕینیان بۆ دروست بکرێ و نابێ رۆڵیان لە بیر بکرێ، لە بادینان سەدان ئافرەت لە کۆمەڵگەکانی جێژنیکان و بەحرکە و قوشتەپە منداڵەکانی خۆیان پەروەردە کرد، هەروەها کەسوکاری ئەنفالکراوانی هەڵەبجە کە لە ئێران گەڕانەوە، ئەو کارەساتانە خۆڕاگری ئافرەتی کوردی سەلماند، چونکە گەورە دەروونزانانی دونیا باس لەوە دەکەن کە هیچ ئازارێکی دەروونی بە قەد ئازاری چاوەڕوانی دەروونی مرۆڤ ئازار نادات، نزیکەی نیوە سەدەشە ئافرەتانیبەجێماوی ئەنفال لە چاوەڕوانیدان و بەشێکیان رووفاتی پیاوەکانیشیان بۆ هاتۆتەوە، بەڵام هەر ئومێدی گەڕانەوەیان دانەناوە و چاو لە رێگەی گەڕانەوەیانن، ساڵی ١٩٨٣ ئەنفالی بارزانییەکان دەستی پێکرد، ١٩٨٧ کیمیابارانکردن و ئەنفالی ناوچەی بالیسان و شێخ وەسان، ١٩٨٨ ئەنفالی گەرمیان و بادینان، تەنانەت ساڵی ١٩٩١ لە پاش کۆڕەوەکە بەعس هاتەوە هەولێر و نزیکەی ٣٠٠ کەسی دەستگیر کرد، کە تاکو ئێستاش بێسەروشوێنن و بە بەڵگەی دیکۆمێنت و لە رۆژنامەی سەباحی عێراقیش ناوی ئەو کەسانە بڵاوکرایەوە.

**قۆناغەکانی شاڵاوی جینۆسایدکردن- ئەنفال**

١٩٨٨/٢/٢١ تا ١٩٨٨/٣/١٨: یەکەم قۆناغ کە لە دۆڵی جافایەتی دەستیپێکرد.

١٩٨٨/٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٣/١٤: قۆناغی دووەم کە لە ناوچەی قەرەداغ دەستیپێکرد.

١٩٨٨/٣/٣١ تا ١٩٨٨/٤/١٤: قۆناغی سێیەم کە لە گەرمیان

لەنجە دزەیی:

**دەبوایە حکومەتی عێراق ئەرکی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی لەئەستۆ بگرتبایە، ئەوەیان جێبەجێیان نەکرد و ئێمەش تا ئێستا نەمانتوانیوە بەپێی پێویست لە رووی دەروونییەوە کار بۆ بەجێماوانی ئەنفال بکەین**



دەستپێکرد.

١٩٨٨/٤/٢٠ تـــا ١٩٨٨/٤/١٨: قۆناغـــی چـــوارەم کـــە لە ناوچەی گۆپتەپە، عەســـکەر، شوان، قەڵاچوغە، دەشتی کۆیەی دەستپێکرد

١٩٨٨/٥/٢٤ تـــا ١٩٨٨/٨/٣١: قۆناغی پێنجەم، شەشـــەم و حەوتەم کە ناوچەکانی شەقڵاوە و رواندزی گرتەوە.

١٩٨٨/٨/٢٥ تـــا ١٩٨٨/٩/٦: کـــە ناوچەکانـــی بادینانـــی گرتەوە.

**ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید**

ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شاڵاوی ئەنفال وەك جینۆســـاید بناســـێنێت. گرنگە کە ئەم شـــاڵاوە خوێناوی و ســـڕینەوەی شوناسە بەرامبەر خەڵکی کوردســـتان لە عێراق وەك کاری جینۆساید بناسێنرێت بۆ گەیشتن بە دادوەریی بەرامبەر ئەو هەموو کەســـەی کە تیاچوون، یان کەسوکاریان کە بە ئێستاشەوە بە دەســـت دەرکەوتە جەســـتەیی و مەعنەوییەکانـــی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە دەناڵێنن.

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدات و هەموو هەوڵێك کە لە توانایدا بێت لەمبارەیەوە خســـتویەتە گەڕ بۆ ناســـاندنی ئەنفال وەك جینۆساید، گرنگی ئەمە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە:

**کارەساتی لەم شێوەیە بەسەر کوردستان یان هیچ پارچەیەکی عێراقدا نەیەتەوە**

بە ئاگاهاتنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم کارەو هەر کارێکی هاوشێوە کە ئەگەر لە داهاتوودا رووبدات. سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم کارە. هەروەها هێشـــتا هەڵگری لەم جۆرە بیرکردنەوە تەسکە شۆڤێنیە لە عێراقدا بوونی ماوە، کە پێویستە ئەوان و هاوبیرەکانیان هەنگاوی راســـتیان لەبەردەم بگیرێت تا بیر لە ئەنجامدانی کاری هاوشـــێوە نەکەنەوە دژ بە گەلی کوردستان، یان هەر گرووپێك لە هەر ئاستێکدا بێت.

داننان بە ســـەروەری خەڵکی کوردســـتان و مرۆڤەکان، لەگەڵ قبوڵکردنی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستنی خەڵکی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

پشـــتگیریکردنی قبوڵکردنی ئەم مەفهومە کە ســـەقامگیری نێودەوڵەتی بە ســـەقامگیری ناوخۆییەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمەش لە باشکردنی باری ئەمنی وڵاتانی دیکەش رۆڵی خۆی دەبێت.

هەوڵی باشکردنەوەی باری مەعنەوی و دارایی قوربانییەکان.

**ناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید لە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

هەندێك لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵکوژیی کوردان لەلایەن رژێمی سەدام حوسێنەوە وەك جینۆساید دەناسن.

١٩٩٣-١٩٩٤ رێکخـــراوی چاودێـــری مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا هەستا بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ سەبارەت بە قەتڵوعامی کورد لە لایەن رژێمەکەی سەدامەوەو رایگەیاند کە ئەم کارە، جینۆســـایدە. ئەم رێکخراوە هەوڵی داوە کە ئەم بابەتە بخاتە بەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکان. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٤ دا ئەنفالی وەك جینۆساید ناساند.

لەســـاڵی ١٩٩٣ دا رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا راپۆرتێکی ئامادەکرد بە ناوی "شـــاڵاوی ئەنفال دژ بە گەلی کورد"، تیایدا ئاماژە بەوە دەدات کە ناســـینی ئەم کارە وەك جینۆســـاید لە جێگەی خۆیەتی بۆ ئەو هەڵمەتانەی کە ســـوپای عێراق لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجامی دا، کە پێوەرەکانی شەڕی دژ بە یاخیبوونی تێپەڕاندووە. لە دوای پرۆســـەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە، بە رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێن، دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دامەزرا. ئەم دادگایە هەســـتاوە بە دادگاییکردنی ســـەرانی بەعس، لێپرسراوانی دەزگا ئەمنیەکان و حکومەت و ســـوپای رژێم کە مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە. دادگایکردن لەســـەر ئەنفال لـــە ٢٠٠٧/٦/٢٤ دا کۆتایی هات، شـــەش مانگ دوای لە ســـێدارەدانی سەدام. سێ کەس لە شـــەش تاوانباری ئەنفال- سوڵتان هاشـــم ئەحمەد، حوسێن رەشید ئەلتکریتی، عەلی حەسەن مەجید بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا لەســـەر ئەو تاوانانەی کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامیانداوە. عەلی حەسەن مەجید ناســـراو بە عەلی کیمیاوی تۆمەتی جینۆسایدی بەسەردا سەپی.

بابەتی ئەنفال کەمتر دەنگۆی دیاربـــوو تاوەکو دادگایکردنی ســـەدام حوســـێن و هاوەڵە تاوانبارەکانی لـــە ٢٠٠٣، بەم هۆیەوە ئەنفـــال زیاتر کەوتە بەردەم میدیای جیهانی. دادگای نێودەوڵەتی لاهـــای، لە دادگایکردنی فرانس فـــان ئارنت، بڕیاری ئەوەی دا کە ئەو کارانەی دژ بە گەلی کورد کراون جینۆســـایدە. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیش تاوانباران (ســـوڵتان هاشـــم ئەحمەد، حوسێن رەشید ئەلتکریتی، عەلی حەسەن مەجید)ی وەك تاوانبار بە جینۆســـاید ناســـاند لە ســـاڵی ٢٠٠٧ دا، کە ئەمەش خاڵی وەرچەرخان بوو بۆ بە یاســـاییکردن و ناساندنی نێودەوڵەتی ئەنفال وەك جینۆســـاید. لە ٢٠٠٧ ـەوە، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ناساندی کەیسی ئەنفال وەك جینۆساید لەسەر ئاســـتی نێودەوڵەتی، بەتایبەت لە رێگەی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانەوە.

ئەنیســـتیوتی سویســـرا بۆ ئاشـــتی لە ســـاڵی ٢٠٠٨ دا ئەنفالـــی وەك جینۆســـاید ناســـاند. هەروەها لە هەمـــان ســـاڵدا ئەنجومەنـــی سەرۆکایەتی عێراق بڕیاری ژمـــارە ٢٦ ی پەســـەندکرد کە پەرلەمانی عێـــراق تیایدا ئیدانەی تاوانەکانی سەدام حوسێن دژ بە گەلی کورد کراوەو ئەم کارە وەك کاری جینۆساید ناسێندراوە.

لە ســـاڵی ٢٠٠٩ دا، هەندێك ســـیناتۆر و کەسانی دیـــاری کۆنگرێســـی ئەمریکی لە یـــادی ئەنفالدا داوایان لە کۆنگرێس کرد کە ئەنفال وەك جینۆســـاید بناسێنێت. هەر لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵدا پارتی سۆسیالیستی سوید ئەنفالی وەك جینۆساید ناساند. لە ئازاری ٢٠١٠ دا، دادگای باڵای عێراق بڕیاری ئەوەی دا کە هێرشـــەکانی ١٩٨٨ کاری جینۆســـاید بوون.

لـــە ئابـــی ٢٠١١ دا، دادگای بـــاڵای دادوەری عێراق، پەرلەمانی عێراق، بە رەســـمی کۆکوژی کوردە فەیلیەکانیان وەك کاری جینۆســـاید ناســـاند. هەروەها پەرلەمانـــی بەریتانیا بە گەرمی پێشـــوازی لە بڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق کرد.



رێکار مزوری:

**ئەو شێرەژنانەی قوربانیی ئەنفال رۆژێک لە رۆژان تەسلیمی نائومێدی نەبوون، بەڵکو بەردەوام بوون لە ژیانکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، کە خۆشبەختانە زۆربەی منداڵانی ئەنفال و منداڵانی ئەو دایکە خەباتکارانە ئێستا هەڵگری بڕوانامەی بەرزن**